Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10410

# کەرکووك لە دەقە واڵاکانی شێرکۆ بێکەسدا

**شەیدا رشید محمد[١]، دیار فایەق مەجید[٢]**

١- بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستانی عێراق

٢- بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستانی عێراق

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (کەرکووك لە دەقە واڵاکانی شێرکۆ بێکەس)دا، هەوڵێکە بۆ دەرخستنی پێگە و گرنگی ئەو شارە لە ئەزموونە جیاوازەکانی شێرکۆ بێکەسدا، تێگەیشتنی جیاواز بۆ دەق لە چوارچێوەی ژانرێکی نوێی ئەدەبی لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا وەك ژانرێکی نوێ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، کە لە ئەنجامی سنوور بەزاندنی ژانرەکان و ئاوێتەبوونیان هاتووەتەئاراوە، بەوپێیەی هەر گۆڕانکاریەك لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و بوارەکانی تری ژیاندا ڕوویدات، ئەوە کاریگەری لە سەر ئەدەب دروستدەکات. گۆڕانکارییەکان زیاتر و زۆرتر لە شیعر دەردەکەوێت، چونکە دەق ئەدەبی لەسەر دوو بنەمای سەرەکی دامەزراوە، کە ئەوانیش (فۆرم وناوەڕۆك)ن. دیاردەی ئاوێتەبوونی ژانرە ئەدەبییەکان لە ئەدەبی کوردیدا بۆ ساڵانی حەفتاکان دەگەڕێتەوە، کە (شێرکۆ بێکەس) بە داهێنەری ئەم جۆرە شیعرە دادەنرێت، ئەمەش لە دەقە واڵاکانیدا دەردەکەوێت. بۆیە دیوان بە دیوان خەمی کەرکووکی هەڵگرتوە، و هەوڵی دەرخستنی ئێش و ئازارەکانی ئەو شارەی داوە، ئەرکی گەیاندنی پەیامی نارەزایی ئەو شارەی بەخوێنەران لە ئەستۆگرتووە، بەبێ جیاوازی لەنێوان پێکهاتەکانیدا.

***Article Info***

Received: October, 2023

Revised: October, 2023

Accepted November, 2023

***Keywords***

کەرکووك، دەق واڵا، ئاویتەبوون، فۆرم، ناوەڕۆك

***Corresponding Author***

**diyar.faeq@garmian.edu.krd**

**پێشەکی:**

کەرکووک تیمەیەکی دیاری نێو دەقە واڵاکانی (شێرکۆ بێکەس)ە و لەم ئەزموونە شیعرییەیدا زۆر بە ورياييەوە مامەڵەی لەگەڵ کردوە و تایبەتمەندی هونەریی هەریەك لە ژانرەکانی دەق واڵای بە سەرکەوتوویی مەزراندووە، لەگەڵ ئەوەشدا توانیوێتی ئەو ئامانج و مەبەستەی هەیەتی لە ڕێگەی ئەم جۆرە دەقەوە بۆ خوێنەر ئاراستە بکات، لەم سۆنگەیەوە ناونیشانی توێژینەوەکەمان دەستنیشان کردووە: (کەرکووك لە دەقە واڵاکانی شێرکۆ بێکەس )دا.

**گرنگی توێژینەوە:**

کەرکووك پێگەیەکی گرنگی لای شێرکۆ بێکەس هەیە، ئەم گرنگی پێدانە قۆناغ بە قۆناغ لە ئەزموونە جیاوازەکانی شاعیردا دەردەکەوێت، دەق واڵا وەك ئەزموونێکی شیعری شێرکۆ زۆر بە بایەخەوە لێیڕوانیوە و مەبەست و ئامانجەکانی بۆ خوێنەر دەربڕییوە.

**میتۆدی توێژینەوە:**

بۆ دۆزینەوە وشەی کەرکووك و واتا و ڕەمز میتافۆرەکانی تری کەرکووك، پێویستمان بە گەڕان و کارکردنە لە سەرجەم دەقە واڵاکانی شێرکۆدا، بەم پێوەرە میتۆدی وەسفی شیکاریی مێژوویمان پەیڕەوکردووە.

**سنووری توێژینەوە:**

بریتییە لە دەقە واڵاکانی شێرکۆ بێکەس، کە دەکەونە چوارچێوە کۆمەڵە دیوانەکانی شاعیر، لەگەڵ دیوانەکانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە، ئەسپێك لە پەڕە گوڵاڵە، یادەوەری پاسکیلێکی کەرکووکی) دەکەونە سنووری توێژینەوەکەمانەوە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوە لە دوو بەشی سەرەکی پێك دێت، بە جۆرێک بەشی یەکەم باسێکی تیورییە و لە دوو تەوەر پێکدێت، تەوەری یەکەم بەناونیشانی (چەمك و زاراوەی ژانری ئەدەبی)یە، هەروەها تەوەری دووەم بەناونیشانی (ئاوێتە بوونی ژانرە ئەدەبییەکان)ە، کە تێیدا سنوور بەزاندن و ئاوێتەبوونی ژانرە ئەدەبیەکان خراوەتە بەر باس. بەشی دووەمیش لەژێر ناونیشانی (کەرکووک لە دەقە واڵاکانی شێرکۆ

بێکەس) دا، تێیدا بەشێوەیەکی پراکتیکی ئەو دەقانە دەخاتە بەر لێکۆڵینەوە کە کەرکووك بەشێکە لە بونیادیان.

## بەشی یەکەم (پێکهاتە و چەمك و زاراوەی ژانری ئەدەبی)

### تەوەری یەکەم: چەمك و زاراوەی  ژانر:

ژانر زاراوەیەکە ئاماژە بە دوبارەبوونەوە و چەندبارەبونەوەی جۆریك لە ئەدەب، یان ئەوەی لە ئێستادا بە فۆرمی ئەدەبی ناودەبرێت، دەدات (Abrams،1999:109-110). مێژووی ژانرە ئەدەبییەکان لەنێو ئەدەبیاتدا، بۆ ئەدەبیاتی کۆنی گریکی و رۆمانی دەگەڕێتەوە. ژانر لە زماندا بە واتای بەش و جۆر دێت، لە زمانە فەرەنسییەکاندا هەندێجار لە شوێنی وشەی (genre) وشەکانی (Type، Kind, Form) بەکاردەهێنرێت. ژانر گۆکراوێکی فرەنسییە، لەزمانی ئینگلیزیدا هەمان وشە بە هەمان واتاوە بەکاردەهێنرێت، بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە لای ئینگلیزەکان بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، پیش ئەوە وشەی (Kind)یان بەکارهێناوە. ڕەچەڵەکی وشەکە لە ڕیشەی (Genes)ی یۆنانی یان (Genus)ی لاتینیەوە هاتووە، کە بە واتای زانیین و لە دایکبوون دێت (حوسێن، مەولود، 19:2018)، (الزكراوى، 2014: 18).

زاراوەی ژانرە ئەدەبییەکان لە فەرهەنگی زمانی عەرەبیدا وشەی (الانواع الادبية)، یان بە (فنون الادب)، یاخود بە (الاجناس الادبية)ی بۆ بەکاردەهێنرێت، بەڵام لە هەموویان باوتر (الانواع الادبية)یە، کە ئێستا لە لێکۆڵینەوەکاندا بەکاریدەهێنن (شبيل،2001: 69). لە زمانی فارسیشدا زاراوەی (انواع ادبی) بەرامبەر بە زاراوەی ژانر بەکاردێت، هەندێکجاریش زاراوەی (گونه ای ادبی) بەکاردەهێنرێت.

لەزمانی کوردیدا بەرانبەر زاراوەی ژانرەئەدەبییەکان چەندین زاراوە لەلایەن نوسەران و توێژەرانەوە بەکارهاتووە، بۆ نموونە (د.هەڤاڵ ئەبوبکر) لە ماستەرنامەکەیدا لەساڵی (2007) زاراوەی (چەشنە ئەدەبییەکان)ی بەکارهێناوە، هەروەها (د.محمد ئەمین هەورامی) لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی (ژانرە ئەدەبییەکان) لە ساڵی (2018) بە چاپگەیاندووە، لەگەڵ توێژەران (سەنگەر نازم حسێن و ڕێزان صالح مەولود ) کە کتێبێکیان هەر بە ناونیشانی (ژانرە ئەدەبییەکان ) لەساڵی (2018) چاپکراوە، و (حەمە مەنتك)یش (چەشنە ئەدەبییەکان) بەکاردەهێنێت، بەمپێیە زۆربەی نوسەران و توێژەران جەخت لەسەر دروستی زاراوەی (ژانرەئەدەبییەکان ) دەکەنەوە.

دابەشکردنی ژانرەئەدەبییەکان بەپێی مێژوو، گۆڕانی بەسەرداهاتووە، توێژەران بۆ ژانرە ئەدەبییەکان جەخت لەسەر دابەشکردنەکەی (ئەفلاتۆن) دەکەنەوە، بەو پێیەی (ئەفلاتۆن) یەکەم کەسە ئاماژەی بە دابەشکردنی ژانرە ئەدەبییەکان کردووە و سێ جۆری جیاوازی شیعری دیاریکردوە (عباس، 1979 : 164-163) و (دوزە،2018: 14):

1. شیعری شانۆ گێڕانەوە: ئەوە جۆرە شیعرەیە شاعیر کەسایەتی خۆی لە پشتی کارکتەرەکانەوە نمایش دەکات.
2. شیعری لیرکی بێ گێڕانەوە: دەنگی شاعیرە .
3. شیعری داستانی: تێکەڵە لە هەردووکیان، واتە شاعیر بەشێك لە کەسایەتی خۆی لەناو دیالۆگدا پیشان دەدات .

ئەم دابەشکردنەی ئەفلاتۆن زۆری نەبرد و بەرەو هەڵوەشاندنەوە چوو، پاشان (ئەرستۆ) دابەشکردنێکی تری بۆ ژانرە ئەدەبییەکان خستەڕوو، لەسەر دوو بنەما:

1. شێوازی گێڕانەوە: چیرۆکە شیعر و شیعری شانۆیی
2. ناوەڕۆك: شیعری تراجیدیا و شیعری کۆمیدیا

ئەم دابەشکردنەی (ئەفلاتۆن و ئەرستۆ) بریتی بوو لەوەی بۆ هەر ژانرێك کۆمەڵێك یاسا و ڕێپێوەری بۆ دیاری بکرێ، کە ناکرێ بەهیچ شێوەیەك شاعیر لەم یاسانە لابدات، ڕەچاوکردنی ئەم یاسانەش تاکو سەرهەڵدانی ڕێبازی ڕۆمانسیزم بەردەوام بوو. پاشان (ئیمیل ستایگەر) لە کتێبەکەی خۆیدا بەناونیشانی (بنەماکانی پۆیەتیکا)، فراوانترین هەوڵیدا بۆ داڕشتن و دابەشکردنی سیانی ژانرەکان لە سەر بنەمای نوێ، بۆ جێگرتنەوەی تایبەتمەندی  لیریکی و درامی  و داستانی  لە بری جێگەی ژانرە ئەدەبییەکانی تر. (ئەمین ،2018  :16):

1. شانۆیی
2. داستانی
3. لیریکی

دوابەدوای ئەو گۆڕانکارییانەی بە سەر واقیعی کومەڵگەدا هات، دابەشکردن و پێویستی ژانرە ئەدەبییەکان گۆڕانی بەسەردا هات، هەر نوسەرە و بە جۆرێکی تر پۆلێنی ژانرە ئەدەبییەکانی کردووە، چونکە ژانری ئەدەبی پەیوەندیی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی بەتاکەوە هەیە, هەربۆیە (هدسۆن) جۆرە دابەشکردنێکی تری بۆ ژانرەئەدەبییەکان خستەڕوو, کە زیاتر لە تێڕوانینی دەرونشیکارییەکانەوە نزیکە، پێیوایە ژانرەئەدەبییەکان وەڵامدەرەوەی پێداویستییە دەرونییەکانی مرۆڤە، بەم شێوازە پۆلینی دەکات(حسێن، 2007 : 34):

1. خواستمان لە سەر گوزارشتکردنی خود هەبێت (شیعر دەدۆزینەوە).
2. بایەخ بە خەڵك و بەرهەمەکانیان بدەین (شانۆ دەدۆزینەوە).
3. بایەخ بەو دەوروبەرە بدەین کە تێدادەژین، کە دەمانەوێت بیگوێزینەوە بۆ بوون و واقع، ئەوە (چیرۆك) دەدۆزینەوە.
4. خۆشەویستیمان بۆ وێنەیەك هەبێت، ئەوە ئەدەب وەك کیانێکی دامەزراو لەسەرخۆ دەدۆزینەوە.

ژانرەئەدەبییەکان بەپێی ڕێباز و سەردەم و گەشەی کۆمەڵایەتی و ئابوری دەگۆڕێت, بە دروستی پۆلێنکردن و جیاکردنەوەی کارێکی ئاسان نییە, بە واتایەکی دیکە "پۆلێنبەندکردن و یەکلایی کردنەوەی چەشنەئەدەبییەکان کارێکی سەخت و دژوارە، ئاسان نییە بەرهەم و جۆری ئەدەبی لە یەکدی جیابکرێنەوە (شمیسا، 1995: 45)", بڕوانە (طاهری,1395: 44)، کەواتە ژانرەئەدەبییەکان پەیوستن بەگەشەی کۆمەڵگاوە، بەپێی ئەو گەشەکردنە گۆڕانی بەسەردا دێت.

## تەوەری دووەم //ئاوێتەبوونی ژانرەئەدەبییەکان

ئاوێتەبوونی ژانرەئەدەبییەکان هێندە مێژوویەکی دێرینی نییە، کە "بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، چونکە لەو ماوەیەدا تیۆەری ژانرەکان گۆڕانکارییەکی بنچینەییان بەسەردا هات, ئەویش بەهۆی شەپۆلە تازەکانی ڕەخنەی ئەدەبییەوە (حسێن،مەولود :101:2018)". سەرهەڵدانی میتۆدە ڕەخنەییەکان و گەشەی کۆمەڵگا کاریگەرییان لە سەر ڕەوشی ئەدەب و شیعر بەتایبەتی دروستکرد.

لەبارەی گۆڕانی شێوەی هونەریی شیعر, کە لە ئەنجامی ئەو گۆڕانەوە بەسەر ناوەڕۆکی شیعردا دێت,(شێرکۆ) دەڵێت "ئەو مەبەستانەی شاعیری ئیمڕۆ ئەیخاتەڕوو جیاوازی لەگەڵ ئەوانەی جاراندا هەیە، بۆیە پێویستی بە شێوازی جیاوازیش هەیە، شێوەی جیاوازیش فۆرمی جیاواز بۆ خۆی ئەدۆزێتەوە، ئەمە پەیڕەوکردنی گیانی سەردەمە(سابیر ،2006: 449)". گۆڕانی شێوەی هونەریی شیعر پەیوەندیی بە گۆڕانی سەردەم و لایەنە جۆر بەجۆرەکانی ژیانەوە هەیە و لەگەڵ خۆیدا گۆڕانی ناوەڕۆکی شیعر دێنێتە ئاراوە, چونکە یەکێك لە ئامانجە گرنگەکانی شیعر پەیامدارییە. شێرکۆی شاعیر لەزمانی خۆیەوە، جەخت لەسەر ئەم خاڵە دەکاتەوە و دەڵێت: "شیعر دەبێت کاریگەری لەسەر ڕۆح هەبێت و لە دڵی خەڵکدا بێت، ئەگەر شیعرێك لەلایەن خەڵك و خاکەوە کاریگەر نەبێت ئەوە خوازراو نییە (علی ،1399: 48)". ناوەڕۆك کاردەکاتە سەر ، شێوە هونەرییەکەی شیعر, کەوایە گۆڕانی ناوەڕۆکی شیعر لەپێش گۆڕینی شێوەی هونەریی شیعردایە. "ئەگەر بمانەوێت جیاوازی لەنێوان گۆڕانی فۆرم و گۆڕانی ناوەڕۆك بکەین، ناوەڕۆك زیاتر توانستی گۆڕانی هەیە و فۆرم پتر مەیلی وەستان و گۆڕانی هەیە، بەڵام لەو کاتەی فۆرم بگونجێت لەگەڵ ناوەڕۆك، بێگومان ناوەڕۆك زیاتر گەشەدەسەنێت و پێشدەکەوێت. فۆرم وناوەڕۆك پەیوەندییەکی تۆکمە لە نێوانیاندا هەیە (رضا، 1973 :3). "چۆن ناوەڕۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی یەك ڕەنگ و یەك دەنگ نین, لە هەمانکاتیشدا چەسپاو نین و لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر دەگۆڕێن، بەو شێوەیە چوارچێوەی هونەری و ئیستاتیکی دەقی ئەدەبی شتێکی چەسپاو و نەگۆڕ نییە. "ئەو دەقە ئاوێتانەی، کە لە ئەنجامی بەیەکداچوون و تێکەڵبوونی ڕەگەزی ئیستاتیکی تایبەتمەندی دوو ژانری بەرهەم هاتوون بۆ نموونە چیرۆکە شیعر ڕۆمانە شیعر ...هتد، ئاوێتەبوونی ئەم ژانرانە لە ئەنجامی گەشەکردن و پەیدابوونی شیعری ئازاد و دورکەوتنەوە لە کێش و بەندی کێش وسەروا هاتوەتەکایەوە. (نادر ،29:2018)"، ئەم ئاوێتەبوونە سنووری نێوان ژانرەکانی تەسك کردوەتەوە.

لەڕووی مێژوویەوە ئاوێتەبوونی ژانرە ئەدەبییەکان دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی شیعری نوێ، توێژەران پێیانوایە تێکەڵبوونی ژانرەئەدەبییەکان لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگە و کرانەوەی جیهان بەڕووی تەکنۆلۆجیاوە کەوتوونەتە دۆخێکی نوێوە, ئەمەش درێژە بەم ئاوێتەبوونە دەدات0 "ئەم کاروانە لە پێشەڤەچوونی خۆیدایە و بە ئاسانیش بەری لێ ناگیرێت، تەنها ئەوە ماوە، کە هەریەك لە شیعر و چیرۆك و ڕۆمان ... ناوێکی هاوواتای بۆ دابتاشرێت و ببێتە چەتری ئەو هەموو ژانرە کان (عسمان، 94:2015)".

سەبارەت بە تێکەڵاوبوونی ژانرەکان، "لە هەر بارێکدا ئەم جۆرە دەقە "پێکهاتەیەکی ئیستێتیکی دێنێتەئاراوە، هەر لەبەر ئەوەیشە لەڕووی زاراوەی ناسنامەشەوە دەبێ خاوەن زاراوەیەکی تایبەتی بێت ئەگەرنا ئەوە دانانی زاراوەیەکی بە ژانرێکی دیاریکراو, بۆ نموونە تەنیا شیعر، یان چیرۆك ئیشکالییەتێکی فرەلایەنی تر و ئاڵۆز تری بۆ خوێنەر دەخوڵقاند (بێکەس، 5:2005)". خاڵی هاوبەشی نێوان ژانرەکان هاوکارێکی ترە بۆ تێکڵاووبونی ژانرەئەدەبییەکان، بەتایبەتی شیعر، چونکە "شیعر چیتر باوەڕی بە سنورەکانی خۆی نەماوە و پەڕیوەتەوە نەك تەنها بۆ ئەو دیوی سنوری ژانرەئەدەبییەکان، هەروەها بۆ هونەرەکانی تریش (ئەسودە ،118:2006)", هەروەها شێرکۆ بێکەس وەك شاعیرێکی هاوچەرخ ئاماژە بە بەسەرچوونی شیعر دەکات لە چاو ژانرەکانی تردا، بۆیە دەڵێت :"شیعر تارادەیەك خەریك بوو لە بەردەم هونەری پەخشان ببەزێ، ئەم ڕاستیەش لەلایەن ئەوروپییەکانەوە بەزووی هەستی پێکرا، بۆیە زیاتر پەلیان بۆ هەموو ژانرەکانی تر هاویشت بێ ئەوەی خۆشی وەك ژانرێك خەسڵەتەکانی لەدەست بدات. ئەم پەلهاویشتنەی شیعر خۆی لە پەخشانەشیعر و داستانەشیعر و درامای شیعری... پاشانیش چیرۆکەشیعر یان ڕۆمانەشیعر دەدۆزێتەوە (هەینی ،4:2008)". ئەم ئاوێتەبوونی ژانرانە تەنیا لە چوارچێوەی ئەدەبدا ناوەستێت, بەڵکو سنوری ژانری هونەریش دەبڕێت, بەواتایەکی دیکە "سوتاندنی سنور یان تواندنەوەی لەنێوان ژانرەکانی خودی ئەدەبدا و هەم لەنێوان هونەرەکاندا, لەنێوان واقیع و ئەندێشەی فەنتازییایدا بۆ پێکهێنانی هارمۆنیا و هەماهەنگی گونجاوە

(سەراج،233:2013)". زۆرێك لە توێژەران ئاوێتەبونی ژانرەکان بۆ سەردەمی ئەدەبی پۆست مۆدێرنە دەگەڕێننەوە, "ئەدەبی پۆستمۆدێرنە بەتایبەتی رۆمان سنووری ژانرەکان تێکدەشکێنێت. ئەمەیش ڕەتکردنەوەی بۆچوونی بونیادگەرییەکانە، لە دیاریکردنی سنووری ژانرەکان (ئەمین ،75:2014)".

شێرکۆ بێکەس دەستێکی باڵای لە تێکەڵکردنی ژانرەئەدەبییەکاندا هەیە و لەوبارەیەوە دەڵێت:" سەردەمی دیواری نێوان هونەرەکانی کورتتر کردووەتەوە؛ هەر لەبەر ئەم هۆکارە هەمیشە هەوڵم داوە لە شیعرەکانمدا ڕوانگە و تەکنیکەکانی رۆمان و سینەما و شانۆ بەکاربهێنم بۆ ئەوەی بوارێکی فراوانتر بۆ مانۆڕکردنی شیعر دروستبکەم. کاتێک بینەر توانا و هەستی زمانی مەجازی و مێتافۆریکی نەماوە، کە خۆی بەهۆی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و فەلسەفی و جوانیناسییەکانەوە ڕێگری لێدەکرێت، دەبێت زمانێکی نوێ و فۆرمێکی نوێ و دواجار ڕوانگەیەکی نوێ هەبێت. هێندە بە دوای وێنە و وێنەدا چووم، کە بۆ من شیعر وێناکردنێک بوو بە وشە، لەگەڵ مۆنتاژێکی گونجاو و شایستە (ورزندە، 1352 :39)".

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدرێت بە شێوەیەکی کورت لەو دەقانەی شاعیر، کە مۆتیڤی کەرکووك هەوێنی لە دایك بوونێتی, یان بە شێوازێك لە شێوازەکان کەرکووك تێمەی بەشێك لەو دەقانە پێکدەهێنێت، باس لە هەندێك لەو ژانرەئەدەبییانە بکەین.

## بەشی دووەم (کەرکووك لە دەقە واڵاکانی شێرکۆ بێکەسدا)

### دەقی واڵا:

دەقی واڵا بەرهەمێکی ئەدەبییە، کە لەڕێیەوە تەکنیکەکانی گێڕانەوە و زمانی شیعری لە بەرزترین ئاستی چڕبوونەوەدا بەکاردەهێنرێت، یان دەقی واڵا "لە جەوهەردا یاخیبوونێکی هونەرییە بەسەر قاڵب و شێوازە ئامادەکراوەکاندا (عارف ،2019: ١٧ -١٩)".

لە ئەدەبیاتی کوردی و عەرەبیدا نوسەران و ڕەخنەگران سەبارەت بە دەقی واڵا تێڕوانینی جیاوازیان هەیە, بەوەی ئەو دەقانەن، کە زیاتر لە ژانرێك لەخۆ دەگرن, بۆ نموونە (عەزاوی) پێیوایە، کە دەقی واڵا جۆرێکە لە نوسین و هەموو ژانرەکان ڕێك دەخات: (شیعر، رۆمان، چیرۆك و شانۆ...هتد)، لەپێناو گەیشتن بە نوسینێك، کە لە شێوە و شێوازدا جیاوازبێت (عەلی ،19:2019)". لێرە دەکرێت بپرسین واڵا بەچی واتایەك، ئاخۆ تێکستی واڵا بەو ماناییەی سەر بە هیچ ژانرێکی دیاریکراو نییە، یاخود بەو مانایەی، کە بە سەر فرە ماناییدا کراوەتەوە، یان بەمانای نەبوونی سەنتەر و کرانەوەیەکی ناوەکییە بە سەر کۆمەڵێك ئاراستەدا (عەلی ،210:2015)،بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکەمان دەکرێت بڵێن ،بەلای شێرکۆ وە دەقی واڵا دەقێکە ئاوێتەیە لەکۆمەڵێك ژانری ئەدەبی دەتوانین زاراوەی فەرە چەشن یان ئاوێتە)بەکاربهێن ،هەروەها زاراوەی (النصوص المتنوعە)ی عەرەبی لەبەرامبەردا بۆ دابنێین،نەك بەو مانای (دەقی کراوە ،النصوص المفتوح)هی لای فەیلەسوفی و نوسەری ئیتالی (ئێمبێرتۆ ئیکۆ 1932-2016) هەیە .کەبەو واتایە دێت ،دەقێك کۆتایەکی کراوەی هەبێت زیاتر لەیەك واتاو پەیام بەخوێنەربگەیەنێت. .لەمبارەوە (شێرکۆ بێکەس) سەبارەت بەم جۆرە دەقانە دەڵێت: "مەبەستم لە تێکستی واڵا و کراوە چییە؟ ماڵێکە نە یەك بابەت و نە یەك فۆرمی دیاریکراو تێیدا ناژی, هیچ کام لە شیعر و چیرۆك و پەخشان و پەخشانە شیعر و شانۆ نامە خاوەنی هەموو ماڵێك نین، بەڵام لە هەمانکاتدا ماڵی هەموویانە (5:2004)". لەهەمانکاتدا (د.عبدالواحید) بۆچوونی جیاوازی هەیە و سەبارەت بەدەقەکانی شێرکۆ دەڵێت: "شێرکو هەموو دەقەکانی واڵایە، ئەوە خۆیەتی واپێناسەی دەکات. دەقی واڵا ئەو دەقە سەرکەوتوانەیە، کە توانای نوسەرەکەی دەردەخەن و ئەتوانرێ دەقی تری لە سەر بنیادبنرێت، نەك ئەو دەقانە، کە ژانرە جۆر بەجۆرەکان لە خۆ بگرێت (عبدالواحید: /6/ 9/2023) "ئەمیش بۆچوونێکی تایبەتی نوسەر خۆیەتی لەسەر دەقەکانی شاعیر.

بۆ نموونە شێرکۆ دەڵێت (بێکەس.،6:2011):

نیوەڕۆت باش !
من ناوم کیسەڵە
ئەوە چەند ساڵە لەم گۆێ گۆمە
حەماڵی ئەکەم
ئا ئەو کونەیش ماڵەکەمە.
بەڵام دوێنێ چەند قاچێکی نیشتمانم لێ پەیدابوون
تووڕەو تڕۆ
بە نووکە شەق هەتا ئەو خوارە بردیانم
پێیان وتم :لە بەر بەرژەوەندی ئاو و ئەو شاخانە
لە بەر بەرژەوەندی هۆما و باز و
ئەو هەموو کەڵە کێویانە
ئەبێ برون ،هەتا زووە .
ئێرە چۆڵکەن ...
چونکە هەڤاڵ هەڵۆزادە وا بە نیازە
لە دوای نەورۆز...تا ئەم ئاستە
لەسەرەوە هەتا ئەو سەر
بکات بە کێڵگەی نازداری
گوڵی خەشخاش!

بەسەرنجدان لەو دەقەی سەرەوە زۆربەی تایبەتمەندییەکانی دەق واڵای هەڵگرتووە،بەوەی بەهونەری گێڕانەوە دەستپێدەکات. ڕووبەری دەربڕینی لەبەردەم شاعیردا فراوانتر کردوە ،بەنەفسێکی درێژیەوە نوسراوە ، بەناوی کەسی یەکەمی تاکەوە دەست پێدەکات ،خۆی بە (کیسەڵ)چواندووە،بە ئاژەڵکردن یەکێکە لە تایبەتییەکانی شێوازی شیعری شاعیر بەزمانی ئاژەڵانەوە ئامانج و مەبەستەکانی دەردەبڕێت.هەروەها دەستەواژەی (قاچی نیشتمان ،هەڤاڵ هەڵۆزادە)ی هێناوەتەوە ،لێرەهونەری بەکەسکردنی ئەنجامداوە،چونکە وشەی (قچ ،هەڤاڵ) لە بنەڕەتدا تایبەتە بە مرۆڤە، بەڵام شاعیر بۆشتێکی مەعنەوەی(نیشتمان)و باڵندەی(هەڵۆ) بەکاریهێناوە.

دەتوانرێت وەکو شیعرێکی درێژ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، (گوڵی خەشخاش) جۆرێکە لەگوڵ لە پێهاتەی مادەی هۆشبەردا بەکاردەهێنرێت، شاعیر زۆر لێزانانە واتا و مەبەستەکانی دەربڕیوە، کۆتایەکەی نائومێدی پێوەدیارە،شایەنی باسە جگە لە گێڕانەوە هونەرەکانی تری گفتوگۆ دیالۆگ مۆتیڤی دەقەکان پێکدەهێنن. کۆی دەقەکەهەڵگری چەند ژانرێکە، هەرچەندە لەڕووی زانستییە وە ناتوانرێت تەنیا دەقێك بکرێت بە پێوەر تاوەکو تایبەتمەندیی دەقەواڵاکانی شێرکۆ رونبکرێتەوە.

## تایبەتمەندیی دەقە واڵاکانی شێرکۆبێکەس:

1. لە دەقە واڵاکاندا بە بونیادی دەق دەستپێدەکات و بە بونیادی قەسیدە کۆتایی پێدەهێنێت, بەوەش لەزۆربەی دەقەوڵاکانی شێرکۆدا یەك ناونیشان هەیە، ئەو ناونیشانە لەدەقەدا وەك خۆی ناوی دێت، تەنها لەدەق واڵای (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە) دەقی تر بەناونیشانی تر دێت.

2. دەق واڵا سیستەمێکی شیعریی کراوەیە و سەرەتایی وردەکاریی هەیەدەکرێت بەژانرێکی تایبەت دەستپێبکات پاشان زمانی شیعری دەگۆڕێت ئاوێتەی ژانرێکی تر دەبێت .

3-تەکنیکی گێڕانەوە بەشێکی سەرەکی لە دەقەواڵاکانی شێرکۆ پێکدەهێنێت, ئەم بەکارهێنانەش بوەتە بەشێکی سەرەکیی لە شێوازی شاعیردا.

4. یەك یاسا بە سەریدا زاڵ نابێت و بەپێی بونیاد و کار و شێوازەکانی دەکرێت دابەش بکرێتەسەر دەیان جۆر, وەکو: (دەق ژیاننامە, دەق شانۆیی, وتە, دەق دیکۆمینتاریی, دەق ریپۆرتاژ ...هتد).

5- تایبەتمەندە بە لێلی و فەزایەکی سینۆگرافی.

6- پشتبەستە بە تەقینەوەی زمان و بەیکدادانی, بەتایبەتی لە دەق (ئیستا کچێك نیشتمانمە).

شێرکۆ لە رەوتی ئیشکردنی خۆیدا کۆمەڵێك زاراوەی نوێی بۆ ئەزموونە شیعرییەکانی خۆی بەکارهێناوە، لەوانە (رۆمانە شیعر، پۆستەرە شیعر، پەخشانە شیعر، چیرۆکە شیعر ...هتد). دیارە دەق واڵا، کۆمەڵێك مانا و دەلالەتی جیاواز جیاوازی هەیە،

لە شیعری شێرکۆدا بەگشتی شتەکان و دەنگی مرۆڤە بچوکەکانیش زیاتر لە ئەزموونە شیعرییەکانی دیکەی ناو ئەدەبی کوردی بەرزدەبنەوە، لەم ئەزموونە دا تەنیا نەتەوە بەدەنگە بەرز و زوڵاڵەکەی خۆی قسەناکات، بەڵکو شتە وردەکانیش ئەو حیکایەتە دەگێڕنەوە، کە دەبایە نەتەوە بیگێڕایەتەوە، لە شیعری شێرکۆدا شتەکان زیاتر مێژووی خۆیان ئاشکرا دەکەن (سەرچاوەی پێشوو:169), ئەمیش تایبەتمەندیی دەقەکانی شێرکۆمان پیشان ئەدات.

وەکو لە پێشوتردا ئاماژەی بۆ کرا، لە ناو ئەدەبیاتی کوردیدا نوسینی دەق واڵا سەرچاوەی داهێنانەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونی شێرکۆ بێکەس، کە خاوەنی (12) بەرهەمی شیعرییە، کە سەرجەمیان دەچنە ژێر خانەی دەق واڵاوە، وەکو: (ئیستا کچێك نیشتمانمە، کورسی ،ئێوە بەخۆشەویستی ئەسپێرم، بۆننامە، تەون، چراکانی سەر هەڵمووت ، ملوانکە، ڕەنگدان، سروەدە بەردینەکان، ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە و یادەوەر پاسکیلێکی کەرکوکی) نمونەی کارەکەمانە ،ئەو دەقانەیە کە کەرکوك هەوێنی بنیاتنانێتی).

ئەم نموونانەی خوارەوە، کە بەشێك لە دیوانی (ئیستا کچێك نیشتمانمە) پێکدەهێنن، ئەزموونی ئەم جۆرە ژانرانە لە شیعرەکانی شێرکۆ دەخەنەڕوو، کە دەڵێت (بێکەس.39:2011):

ئەم کاتەت باش!
من جوانوویەکی بێکارم
خەڵکی کەرکووکم
کوڕی نەوت و گاز و کوڕی ئەو هەموو بۆری و چاڵانە
بەڵام ئەوەی بە ڕێکەوتیش نەیان بینیم ئەو
باوکان.
لەبەر ئەویش بەردەوامیش ئەسورێمەوە
لە هەمووکەسێکی دی زیاتر نیشتمان ئەبینم
بەڵام جەخار
هەموو حیلە و کوڕژنەکانم بە با چوون و
هەموو سمکۆڵەکانم گەرگەسان بوون و[1]
ئەم نیشتمانە پیرۆزە گوێی لێم نەبوو!

شاعیر مەبەستی لە (جوانوویەکی بێکار) گەنجێکی بێکاری شاری کەرکووکە، ئەو شارەی، کە لەسەر نەوت و گاز دروستبووە, کەچی گەنجەکانیانیش بێکار و برسی و هەژارن، بەرێکەوتیش دڵسۆزێک نەبووە بەشێك لە ئازاری برسێتی و

[1] گەرگەسان:لە ناو چوون و وردوخاش بوون.

بێکاریان کەمبکاتەوە، کەس خەمێکیان لێناخوات, لەو شارە پڕ سامانە ڕێژەی بێکاری لە هەڵچونداپە، گەنجەکانی تەواو ڕەشبینبوون و کاتەکانی ژیانیان بەئازار و هەژارییەوە بەسەردەبەن،(نیشتمان)ی بە مرۆڤ چواندوە،یەکێك لەئەندامەکانی لەشی مرۆڤی پێبەخشیوە کە(گوێ)یە. هەرچەند هاواردەکەن کەس گوێیان لێناگرێت.کەرکوکییەکان ئەگەر لە وپەڕی ئاشتیشدا بن ،ئەو ترس و دڵە ڕاوکێیە ڕەگ و بناغەی خۆی لە ڕۆحی کەرکووکیەکاندا چاندووە ،ئەگەرهەموو تفەنگەکانی دنیا بێ دەنگ بن ،ئەوا خوێن ڕشتن و دەنگی فیشك لە کۆڵانەکانی کەرکوودا هەر دەبیسترێت

زۆرێك لەدەقەواڵاکانی شاعیر سرکن هەر خوێنەرێك بەجیا لێکدانەوەی بۆ دەکات و پێویستی بە پاشخانێکی ڕۆشنبیریی فراوان هەیە، چونکە "دەق نوێ پێویستی بە ئەزموونی خوێنەری نوێ هەیە. "پەیوەندی نێوان دەق نوێ و خوێنەری نوێ وەك پەیوەندی نێوان مرۆڤ و بەردەوامی ژیانە, مەبەستم لە هەردوو جۆری خوێنەر، یەکەمیان ئەو خوێنەرەی بەردەوامی ڕۆحییە، ئەوی تریان ئەو خوێنەرەیە، کە ڕوح دەخاتەبەر دەق و وەکو پێویستییەکانی تری ژیان تەماشای دەکات (محمد ،2020: 8)".

لە دەقێکی تردا شێرکۆ دەڵێت (بێکەس،ب5، 2009:357):

وەرنە ناو ڕەنگەکانمەوە!

با دەم و چاوی ئەمشەوتان لە شەوانی ترتان نەچێت

با هیچ نەبێ بۆ چەند سات بتانبەمە نێو بەرایی ڕەنگێکەوە

کە زەردێکی ئیجگار کاڵە و پەنجەرەی گوڵە لیمۆیە و

بە ژنی کچێکی کەرکووکە و لە قەڵاوە ئێوارانێ

زەردە.. زەردە..

بەسەر عەشقماندا ئەڕوانێ !

لەم دەقەدا شاعیر لە ڕێگەی ڕەنگەکانەوە, پێناسەی ڕوداو و کەسایەتییەکانمان بۆ دەکات، ئاشکرایە هەریەك لە ڕەنگەکان خاوەنی واتا و مەبەست و کاریگەریی تایبەتی خۆیانن، ڕەنگەکان لە وشە و دەربڕینەکان خێراتر و گاریگەرتر دەردەکەون. "کاریگەری ڕەنگ و ویست و نەویستی ڕەنگ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەگۆڕێت، یان لە تەمەن بۆ تەمەنێکی تر و لە ڕۆژگارێکەوە بۆ ڕۆژگارێکی دیکە، یان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت (اسماعیل ،2020: 10)". شاعیر لە ڕێگەی بەکارهێنانی ڕەنگەوە, لەو نموونەیە سەرەوە یەکەم ڕەنگ و سەرەکیترین ڕەنگ ڕەنگی ڕەشە و ناویشی نەهێناوە ،بەڵام لە ڕێگەی وشەی شەوەوە گوزارشتی لێکردووە. شاعیر دەیەوێ لە ڕێگەی ڕەنگی زەردەوە ئەمشەویان وەکو شەوانی پێشووتر ڕەش و تاریك نەبێت بۆیە بانگیان دەکات بۆ ناو ڕەنگەکانی خۆی بە تایبەتیش ڕەنگی زەرد.

ڕەنگی (زەرد)ی باڵای (کچێکی کەرکووکی)مان پێدەناسێنێت, بگرە بارودوخ و لایەنی دەروونیی کچانی ئەو شارەمان (بە تایبەت لە کاتی ئێواراندا) بۆ بەیان دەکات. شاعیر لە خولگەی چەند ڕەنگێکی دیار کراو نەوەستاوە, بەڵکو بەدەیان جۆر ڕەنگی بەکارهێناوە، بۆ نمونە "ڕەنگی زەرد هەر زەرد نییە بە تەنها ڕەنگی گۆگردی لیمۆیی بەکاردەهێنێت، لە بەکارهێنانی ئەم جۆرە ڕەنگانهدا شێوەی ڕەنگەکانمان دێتنێتە بەرچاو, چونکە لیمۆ هەر چەند زەردیش بێت زەردییەکەی ئەم جیاوازە لە زەردێکی تر، سەرەڕایی ئەمەش جۆراها ڕەنگی تریشی بەکارهێناوە، لەوانە:(خۆڵین، زەردپەڕ، زەیتونی، سەوزوتەڕ) (عیسا ،2009:141)",لەبەرئەوەی شاعیربە هیچ یەکێك لەم ڕەنگانەئاماژەی بە مۆتیڤی کەرکووك نەکردوە ،بۆیە بە پێویستمان نەزانی نموونەی بۆ بهێنینەوە.

شاعیر لە دەقێکی تریشدا دەڵێت(بێکەس،ب5، 2009:353):

من ئاوازێکی نارنجیی ڕاپەڕینم

لە ژێی گەرووی شاخ و شەقام جویێ نابمەوە

تا دوا کلووی نۆتەکانم و تا دوا شەقەی باڵی ڕەنگم

لای گیتارەکەی ((ئازاد)) و

لای ئێوارانی ((کوێستان )) و

لای ئەڵلاوەیسی ڕەشتاڵەی (عەلی مەردان) دەمێنمەوە!

ڕەنگی (نارنجی) لە فەرهەنگی ڕەنگدانی شاعیرەداچەندجارێك بەکارهاتوە . شاعیر زۆر لێزانانە و داهێنەرانە ڕەنگەکانی بە کارهێناوە و واتا و مەبەستەکانی خۆی پێ دەربڕیوە. "یەکێك لە توخمە کاریگەرییەکان لە جوانی لە شیعری شێرکۆدا ئەو خەیاڵ فراوانییەیە کە ڕەنگەکانی پێ جیادەکاتەوە و لە شوێنی گونجاودا بەکاریاندەهێنێت ( دلبر،1393: 98)".

لەو دەقانەی سەرەوەدا شاعیر جەخت لە ڕەسەنبوون دەکاتەوە و جێناوی (من)ی وەک ئاماژە بۆ خوی هێناوەتەوە, وەکو ئەوەی بڵێت لە هەر شوێنێك بم، دەنگم لە پاڵ ڕاپەڕین بووە و لە دامێنی شاخ و شاقەماکاندا ژیاوم و بەشێکن لە من و تا دواهەناسەی ژیانم بەو شێوەیە دەبم. شاعیر لێردا ئاماژە بە نوسەر و شۆڕشگێری مۆسیقازانێکی لێهاتوو (ئازاد هەورامی ) دەکات، یەکێکە بووە لە هاوڕێ نزیکەکانی سەردەمی شاخ، شێرکۆ دەقێکی تایبەتیشی بۆنوسیوە. یەکێکە لە کەسایەتییەکانی شاری کەرکووك ڕۆڵێکی سەرەکی گێراوە لە شاری کەرکووك، جێگەی دەستی دیارە بەتایبەتی لە رووی برەودان بە پەروەردەو فێرکردنی هونەری میوزیك بە گەنجان منداڵان.شاعیر بە خەیاڵ دەگەڕێتەوە ڕۆژانی ڕابردووی قوناغێ لە قۆناغەکانی ئەزموونی پێشمەرگایەتی و کۆبوونەوەی لەگەڵ هاوڕێکانیدا، ناوی(هەڤاڵ کۆێستانی ) دەهێنێت ،نوسەر و

پێشمەرگەبووە . هەموو پێکەوە ،بەدڵێکی پڕئومێدەوە لە داهاتوویان دەڕوانی،لەگەڵ گوێ ڕاگرتن لەمەقامە غەمگینەکەی(عەلی مەردان) وەکو هونەرمەندێکی شاری کەرکووکە, کە ڕەمزی کەرکووکە، شاعیر دەیکا بە ڕەمزی کورد و گورانی کوردی بەتایبەتیش لە بواری مەقامی (ئەڵلاوەیسی)، کە مەقامێکی تایبەتی ناوچەی گەرمیانە. هەستێکی نۆستالۆژیانەی لە دەروونی شاعیردا دروستکردووە.بۆ ساتێك خوێنەر دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو قۆناغەی کە تێیدا ژیاوە .

شاعیر دەڵێت(بێکەس .شێرکۆ ،17:2016 ):

بەناو زەریا و وشکانیدا قۆناغ قۆناغ
بە پاپۆڕ و شەمەندەفەر و ئۆتومبیل بردیانین و
بەم جۆرە من گەیشتمە کوردستان و
شاری کەرکووك:
هەمووجارێك کەتەنیا بم و هەر خۆم بم
ئەڵێم خوایە بۆ چی نەتبردمە وڵاتێ
دوور لە شەڕ و شۆڕ و کوشتار !...
بۆ بەر برۆکسل نەکەوتم ؟!
یان ئەمستردام ؟!
چی بەختێ بوو
منی فڕێدایە ئێرە !؟

شێرکۆ لە دوا بەرهەمەکەیدا (یادەوەری پاسکیلێکی کەرکووکی ) لەڕێی بەسەرهاتەکانی کارەکتەر پاسکیلەوە تیشکدەخاتە سەر مێژووی شاری کەرکوک, بەوەی مەڵبەندی شەڕ و کوشتارە و بەراوردی بە چەند شارێکی ئەوروپی دەکات، کە پێچەوانەی کوردستانە, چونکە لە دید و یادەوەرییەکانی پاسکیلە کەرکوکییەکەوە هەموو پێکهاتەکان ئازار دەچێژن نەك تەنها کورد, هەروەك (ڕئوف بێگەرد) دەڵێت: "حەزدەکەم لێرەدا ئەو ڕاستییە فرامۆشنەکرێت، کە شێرکۆ لە باسکردنی کەرکووکدا نەیدەویست و نیازی ئەوەی نەبوو وەك ناسیۆنالیزمێکی دەمارگیری کورد لە مێژووی شار و ئاینزا و ڕووداو و پێکهاتە جیاوازەکان بدوێت، بەڵکو زۆر بە گیانێکی مرۆڤدۆستانەی بێلایانەوە، کە مێژووی ڕاستەقینەی خودی شارەکە سەپاندوێتی و لە قەناعەت و ویژدانی هەمواندا چەسپیوە". (بێکەس ،شێرکۆ ،9:2016).

شاعیر لە درێژی دەقەکەی سەرەوەدا دێتەگۆ و دەڵێت (سەرچاوەی پێشوو : 18):

ڕابردوو ناگەڕێتەوە... بەم جۆرە من ئێرەم بەرکەوت
بۆ یەکەمجار لە گەڕەکی شۆڕیجەدا گیرسامەوە
لەناو کوردا، من دەست و پێم کرایەوە
لە گەڕەکی شۆڕیجەدا و لە کۆڵانێکی خشت ڕێژدا و
لە ماڵێکی حەوشە گەورەی حەسار بەرزا نیشتە جێ بووم

شاعیر هەر لە ڕێی پاسکیلەوە و بە زمانێکی میتافۆریی ئاماژە بە چارەنوسی مرۆڤ دەکات, کە لە دەسەڵاتی کەسدا نییە, واتا کورد بوون, یان کەرکوکی بوون, ئەمانە لە توانای مرۆڤ بەدەرن و بەشێکن لە چارەنووس. پاشان دێتە باسی ئەو گەڕەکەی، کە تێیدا گیرساوەتەوە (گەڕەکی شۆڕیجە), کە یەکێکە لە گەڕەکە کۆنەکانی شاری کەرکووك و زۆربەی دانیشتوانەکەی کوردن.وەسفی ئەو گەڕەکەمان بۆدەکات،گەڕکێکە دیوارەکانی لە خشت دروستکراون لە شوێنێکی کراوە بۆ شوێنێکی داخراو،کە ماڵ و حەوشە ئەوماڵەیە کەتێیدا نیشتەجێ بووە . کەرکووك بەشێکی سەرەکی دیوانەکە پێکدەهێنێت و لەو بارەوە (هەڵۆ ) دەڵێت: "وەکو خویشی جەختیدەکردەوە، کە دەیویست یەکێك لە باشترین دەقەکانی خۆی بێت بۆ کەرکووك، بەڵام بەداخەوە مردن بواری نەدا و هەمووی تەواو نەکرد (هەڵۆ،پەیوەندی ئەلکترونی، 2023/7/9)".

لەم دێڕەی خوارەوەدا شاعیر گرنگی و بایەخ و دەوڵەمەندی شاری کەرکوکی دەربڕیوە و دەڵێت(بێکەس .شێرکۆ ،33:2016):

ئەم کەرکوکە جەواڵێکە
دەستی پیاکە هەرچی شتە لەناویایە...

شاعیر کەرکوکی بە (جەواڵ) وەسفدەکات. جەواڵ، یان تورەکە وشەیەکی کوردەوارییە لەئیستادا بەکارهێنانی کەمبووەتەوە، ئەمیش یەکێکی ترە لە تایبەتمەندیەکانی شاعیر لە دیوانەکانیدا هەوڵی داوە وشە کوردییە فەرامۆشکراوەکان زیندوو بکاتەوە, چونکە (زمان وەك درەخت وایە زارەوەکان وەك گەڵان بە تێپەڕبوونی ساڵان گەڵاکۆنەکان دەوەرن و گەڵای نوێ سەوزدەبێت)(عەزیز،198: 18)، شاعیر مەبەستێتی پێمانبڵێت کەرکوك هاوشێوەی جەواڵێکە و هەمووشتێکی تێدایە، جەواڵ هەمیشە شتی ئاوێتە و کەرەستەی سەرەکی و گرنگی تێدای، ئەو کەرەستە گرنگە لای شێرکۆ سامانی شارەکەیە و هەریەکەوە و بەجۆرێك چاویان تێبڕیوە.

یاخود شاعیر دەڵێت : (بێکەس .شێرکۆ ،21:2016 ):

کەرکووك و چێشتی مجێوەر لەیەك ئەچن
کەرکووك و پەلکە ڕەنگینە وەك یەکن .

ئەم شارە ،شارێکی فرە ڕەنگە و فرەدەنگە شاعیر لە ڕێگەی دەستە واژەی (چێشتی مجێوەر،وپەلکە ڕەنگینە)،هەردوو دەستەواژەکە ئاماژن بۆئاوێتە بوون و تێکەڵاووبوون ، هەموو پێکهاتەکانی ناوکەرکووکی بە ((چێشتی مجێوەر،وپەلکە ڕەنگینە))چواندووە ،کەرکووك بە و ئاوێتە بوونەوە جوانە ،هەموو پێکەو دەستیان بە جوانی ئەو شارەوە گرتوە لە ڕووخان و لەناوبردن پاراستویانە . هەموو پێکەوە هاوشێوەی چەترێك

كەركووكيان هەڵگرتوە .لە سەرەپاى ديوانى (يادەوەرى پاسكيلێكى كەركووكى)شاعير لە رێگەى زمانى پاسكيلەوە ،هونەرى بەكسكردن ئەنجامدەدات ئاماژە بە پێكەوە ژيانى نێوان نەتەوەكان دەكات.شايەنى باسە شاعيرلە چەند دەقێكى دواتردا ،باس لە رەچەڵەكى شارەكە دەكات و دان بەڕاستييەكى تاڵدا دەنێت و دەڵێت : (

گوێم لێبگرە نەبادا تووشى هەڵ بى
شاتوو :وتى
من ئازارێكى رواوم
پەل و پۆكانم هاوار و
هەمووگەڵاكانم چاون
من شاتوويەكى كەركووكيم
بە چەند زمانێ ئەدوێم و
لە سەر دەرياى نەوت هەڵتۆقيووم
لە ئيستادا گەورە شارم
كۆنترين و قوڵترين و درێژترين
لەبنيمندا رەگى قەوم ومێژووى
دوو ريشەيە
يەكەم :كوردە و
دووهەميشيان توركومانە
لە ڕاستيدا بەر لە سەد ساڵ
عەرەب هەر لەم ناوە نەبووە
من لەبيرمە بۆ يەكمجار
ئەم برايانە هاتن
بە خۆيان و مانگا و رەوە گامێش و
چەند رەشماڵێك هاتن
ئەوان زياتر ميوانێكى بەپەلە بوون
كەچى دواتر ئەم هاتنە بوو بە رنامەو و بەپيلان
ئەوان بوونە خاوەن ماڵ وئێمە ميوان ( بێكەس .شێركۆ ،34:2016 )

لەم دەقە جوان و پوختەدا شاعير وەك مێژوو نوسێك ،رەچەڵەكى شارى كەركووك لە رووى جوگرافى و ڕامياريەوە بۆ خوێنەر دەخات ڕوو،شارێكە پڕە لە كانگاى نەوت ،كۆنترينەخاوەن مێژوويەكى دێرينە ،قوڵترينە كێشەو ململانێى قوڵى تێدايە ،درێژترينە سنورێكى فراوانى هەيە ،ئاماژە بە پێكهاتەكانى دەكات .بە كوردستانبوونى ئەو شارە لە مێژە دووپاتدەكاتەوە ،بەڵام بە پلان و هۆكارى سياسى ئەو ڕاستييان شێواندوە .بەڵام ئەم شارە مەردانە پارێزگارى لە كوردبوونى خۆى كوردوە ناسنامەى كوردو هەميشە سەرى بەرزو بڵندە .بەڵام برين و خەمەكانى كۆتايى نايەت ،برينەكانى سارێژ نابێت هەميشە خوێنى لێ دێت .

هەريەكە لەم دەقانەى سەرەوە دەكرێت سەربە ژانرێك بن هەڵگرى چەندين واتا و مەبەستن, ئەميش تەنها لە يەك ڕووە نييە "ئەم داهێنانە و ئەزموونكردنى ئەم جۆرە شيعرە لە تەكنيك و فيگەر و ستايل و زمان و وشەسازيى شيعر گەيشتە ئاستێكى باڵا، ئەم ئەزموونە لە شيعرى والآ لە شيعرى كورديى پێش شێركۆ نابينرێت، يان زۆر بە كەمى دەبينرێت (سبحان ، پەيوەندى ئەلكترۆنى:2023/6/8)".

شێركۆ لە ديوانى كورسى دا دەڵێت(بێكەس ،ب6 ،429-430:2009):

كورسييەك هەبوو هاوڕێم ئەسمەرێ بوو ،خەڵكى شارى كەركوك
كوڕى دار ليمۆيەكى شۆڕێجە .نيشانەى كانى خورمايەك
بە ڕوومەتى ڕاستيەوە بوو، هەر بازوويەكى لە ملى هەر
يەكێكمان ئەستوور تر بوو .قاچەكانى پتەو پتەو،
دوو فەردە خوێيان ئەدا بەشانيا وكەچى نقەى
بۆ نەئەكرد. رۆژێ نايب زابتێكى ڕەش ڕەش
هات و لە دورەوە دينارێكى بۆ چاپچييەكەمان فڕێدا و
هەڵيگرت و، ئيتر كورسيمان لێ ونبوو، هەتا چەند ساڵێ
نەمديەوە، وەختێ ديمەوە زەرد بوو بوو،
باريك باريك
هەر ئەى توانى منداڵێك بگرێتە باوەش.

ئەوەى جێگەى سەرنجە لەدەق (كورسى)دا، خوڵقاندنى كاركتەرى (كورسى)يە لەلايەن شاعيرەوە، بە شێوەك ئەتوانين بڵێن كارى ڕۆماننوسێكى ئەنجامداوە، كاركتەرى (كورسى) لەسەر زارى بگێڕەوەى هەموو شتزانەوە ڕوداوەكانمان بۆدەگێڕێتەوە، سەرەتاى دەق دەبێت منى نوسەر لە زارى خۆيەوە لە سەرەپاى دەقەكە بۆ هەميشە ئامادەيى ڕاستەوخۆى دەبێت. لەم دەقەدا ڕەمزەكانى: (نيشانەى خورما, ئەسمەر, بازوو ئەستور، پێ پتەو)، ئاماژەيە بۆ نەتەوەى عەرەب، بە هەموو هێز و تواناييەوە بۆتە كويلەى پارە و مرۆڤى كويلە، جا كۆيلەى هەر شتێك بێت هەموو بە هاو توانا و هێز و دەسەڵاتى وردەوردە لەدەستدەدات. "وێنەسازى و خەياڵفراوانى شێركۆ تەنها لە يەك سنوردا نەماوەتەوە سنورەكانى بڕيوە لە ڕێگەى خەياڵەوە پەى بە هەموو شتێك بردوە و دەتوانين وەك مەزنترين و بەرچاوترين شاعيرى نوێخواز لە ئەدەبى كورديدا ئەژماربكەين (پشابادى،1395: 83)".

**ئەنجام**

1. دەقى والآ، جۆرێكە لە ژانرەئەدەبييەكان، سەرەتاكانى دەركەوتنى لە ئەدەبى كورديدا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاكانى ساڵانى حەفتاكان .
2. دەقى والآ،پێكدێت لە چەندين ژانرى جۆراو جۆرى ئەدەبى، وەكو: (شيعر، چيرۆكە ، پەخشان،

شانۆ...هتد)، لەگەڵ ئەوەیشدا ناچێتە چوارچێوەی ئەدەبی هیچ یەکێك لەم ژانرە ئەدەبییانەوە.

3. لە دەقە والاكانی شاعیردا، بەكارهێنانی كەركوك چ وەك هێما، ڕەمز و میتافۆر لە ئاستێكی ناوەند دایە.
4. شێركۆ بێكەس لەكۆتا دیوانیدا، كە بەداخەوە مەرگ یەخەی گرتوو تەواوی نەكرد،تەرخانی كردبوو بۆكەركوك، بە زمانێكی جوان و فەرهەنگێكی دەوڵەمەند، شتە بچوكە پەروێزخراوەكانی ئەو شارە دێنێتەگۆ و لە ڕێگەیەو ئێش و ئازارەكانی ئەو شارەمان بۆ دەردەخات، بەبێ جیاوازی لە نێوان پێكهاتەكانیدا.
5. لە بنیادی دەقەكانیدا زۆر بە لێهاتوانە هاوسەنگی لەنێوان خەسڵەتی ژانرەكان پاراستوە و سەركەوتووانە ئەزموونیكردوە.

6-لە ڕووی ڕەنگەوە ،لەدیوانی (ڕەنگدان) شێركۆدا تەنها ڕەنگەكانی (ڕەش ،زەرد،زەردی لیمۆیی ،نارنجی)بە كارهێناوە وەك ئاماژەیەك بۆ كەركووك.

## سەرچاوەكان


1. ئەمین،(د)محەمەد (2018)، ژانرەئەدەبییەكان، چاپخانەی ئەزمر، بەبێ ژمارەی چاپ، سلێمانی.
2. ئەسودە، نەوزاد ئەحمد (2006)، دەق لە شێوەی ژانرەئەدەبییەكاندا ئەزموون و خوێندنەوەی چەند لاپەڕەیەكی ڕەخنەیی، بەبێ ژمارەی چاپ و چاپخانە، هەولێر.
3. هەینی، شێرزاد (2008)، 955 دەقیقە لەگەڵ شێركۆ بێكەس، بەبێ ژمارەی چاپ، چاپخانەی تیشك، هەولێر.
4. محمد، سمكۆ (2020)، ژانرە ئەدەبییەكان، چاپی یەكەم، بەبێ ناوی شوێنی چاپ، بێناوی شوێن.
5. عیسا، هاوژین (2009)، بنیاتی وێنەی هونەری لە هۆنراوەكانی (شێركۆبێكەس)دا، چاپی یەكەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
6. عەلی، بەختیار (2015), نەرسیسی كوژراو، چاپی یەكەم، چاپخانەی تاران، سلێمانی.
7. عەزیز، حمید (1980)، هۆراس هونەری شیعر، چاپخانەی الحوادث، بەغداد.
8. سەراج، عەبدوڵا (2013)،پەیزستان، بەبێ ژمارەی چاپ، چاپخانەی كارۆ، كەركووك.
9. حسێن، ئەبوبكر (2007)، چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامە نوسییەكان و ڕەنگدانەوەیان لە (ژیان و ژین (1932-1950)دا، بەبێ ژمارەی چاپ، چاپخانەی شفان، سلێمانی.
10. حسێن، مەولود: سەنگەر ناچم، ڕێزان ساڵح (2018)، ژانرە ئەدەبییەكان، چاپی یەكەم، بەبێ ناوی چاپخانە، هەولێر.
11. پەروێز، سابیر (2006)، ڕەخنەی ئەدەبی كوردی و مەسەلەكانی نوێكردنەوەی شیعر،چاپی یەكەم.هەولێر.
12. بێكەس، شێركۆ (2005)، ئێوە بە خۆشەویستی ئەسپێرم، چاپی یەكەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
13. بێكەس، شێركۆ (2009)، كۆ بەرهەم، بەبێ ژمارەی چاپ و شوێنی چاپ، سوید.
14. بێكەس (2011)، ئیستاكچێك نیشتمانمە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، بەبێ ژمارەی چاپ، سلێمانی.
15. بێكەس، شێركۆ (2016)، یادەوری پاسكیلی كەركووكی، ناوەندی ڕۆشنبیری وهونەریی ئەندێشە، چاپی یەكەم، چاپخانەی تاران.بەبێ ناوی شوێن.
16. عزالدین، رضا، سەرنجێكی سەر پێیی دەربارەی فۆرم وناوەرۆك، ڕۆژنامەی هاوكاری (164ژ:1973،4).
17. ئیسماعیل، مزدە (2020)، ڕەنگ لە( ڕەنگدان)ی شێركۆ بێكەسدا، گۆڤاری ئەكادیمیای كوردی ژ:46.
18. عیزەدین، سامان (2020)، دەقی كراوە، بنەما و پراكتیك، دەقی (زێوان)ی سەباح ڕەنجدەر بەنموونە، گۆڤاری ئەكادیمیای كوردی ژ.46.
19. سبحان، كامەران (2023/6/8)، تۆڕی كۆمەڵایەتی، ئینستاگرام، سلێمانی.
20. شێركۆ، هەڵۆ (2023/7/9)، تۆڕی كۆمەڵایەتی، ئینستاگرام،سلێمانی.
21. عبداوحید، ئازاد (6/ 2023/9)، شێركو و دەقی والا، زانكوی كەركوك، كەركووك.
22. نادر، كوردستان عبدالوەهاب (2018)، تیۆری بونیادی دەق لە دەقە والاكانی (شێركۆ بێكەس)دا، نامەی ماستەر، زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر.
23. ئەمین، نەبەز كەریم (2014)، سیماكانی پۆستمۆدێرنیزم لە ڕۆمانی هاوچەرخی كوردیدا بەنموونەی (باڵندەكانی دەم با، كەناڵی مەیموونە چەكدارەكان، چۆن بومە تیتر واسك، نامەی ماستەر، زانكۆی سەلاحەدین.
24. عباس، د.احسان (1979)، فن الشعر، بیروت.
25. عارف، سڤا (2019)، النص المفتوح، فی ادب "فللك الدین كاكەی"، رساله دكتوراه ، جامعه السلیمانیه.
26. دوزه، منی (2018), تداخل الانواع الادبیة والفنیة فی الكتابة الشعریة الجزائریة المعاصرة, رسالة دكتوراة, جامعة الاخوة منتوری–قسنطینة, قسم الاداب واللغة العربیة.
27. الزكراوی,محمد (2014), الاجناس الادبیة, المنظمة العربیة للترجمة, طبعة الاولی, بیروت بدون اسم تبعة او اسم مكان.
28. الشبیل, عبدالعزیز (2001)، نظریة الاجناس الادبیة فی التراث النثری, النشر دار محمدعلی الحامی, تونس.
29. شمیسا، سیروش (1995)، انواع ادبی، چاپ سوم، انتشارات فردوس، تهران.
30. ورزنده، امید (1352)، شناختنامه شیركو بیكس، انتشارات نگاه، تهران.
31. مرادی،دلبر (1393)، بررسی تطبیقی مضامین پایداری در اشعار محمود درویش و شیركو بیكس، پایان نامه، دانشگاه كردستان، دانشكده ادبیات و زبان های خارجی گروه زبان و ادبیات عربی.
32. عەلی، هەلشو(1399) بازتاب فرهنگ عام در شیركو بیكس، (مطالعه موردی: گورستانی چراكان، دربندی پەپولە و پایزە میوان)، رساله كارشناسی، دانشكده ادبیات وعلوم انسانی گروزبان و ادبیات فارسی.
33. پشابادی (1396)، تخیل خلاقانه و تصویر پردازی مبتنی ان در شعر شیركو بیكس و محمود درویش با تكیه بر دەربەندی پەپولە و مدیح القل العالی، پژوهشنامه ادبیات كردی، سال دوم، شماره3، بهار و تابستان.
34. طاهری، فرزانه (1395)، ژانر (انواع ادبی)،چاپ دوم، چاپخانەی نشر، تهران.

Tp://ifl.pitt.edu/index.php/blog/index/text-.35